کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
4-10-2007 23:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەڵوێست و هەنگاو لە چەرخی بێدەنگیدا گەنجلاو وەک نموونە... ستیڤان شەمزینانی

Shamzini79@hotmail. com

باشترین کار ئەوەیە مۆمێك داگیرسێنیت نەك بانگەشەی تاریکی بکەیت
پەندی چینی

هەموو ڕۆژێك دەوترایەوە گەنج پرۆژەی نییە، گەنج تەحەدا ناکات، گەنج بەرهەڵستیی ناکات، گەنج بەردەوام دوای چارەسەری پاسیڤانەی تاکەکەسیانە کەوتووە وەك لە پرۆژەو هەنگاوی دەستە جەمعی،



گەنج لاوازە و ناتوانێت ڕووبەڕووی واقیعەکان ببێتەوە ناچار لێی هەڵدێت و ڕووەو تاراوگە سەری هەڵدەگرێت، گەنج دەستەمۆیە وملی ڕەزامەندیی بۆ هەر بێ مافییەك دانەواندووە، ڕەنگبێ هەریەك لەمانە باشترین پاساو بووبن بۆ لایەنی دەستەڵات تا گوێ لە ویستەکانی گەنج بخەوێنێت، لەرووی واقیعیشەوە گەنج ئەو هێز و وزە کاریگەرە نەبووە وا لەدەستەڵات بکات گوێی لێبگرێت، چون سروشتی دەستەڵاتی سیاسی و کارگێڕیی لە هەموو دنیادا وایە دەبێت ناچار بکرێت بە ئەنجامدانی کارێك یان بەدیهێنانی خواستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەگەرنا مەیلی خۆدزینەوە ئامادەترین مەیلە لەلای.

گەنج تا نهۆ پەرش وبڵاو بووە، نارەزایەتییەکانی بێ ڕێکخستن وبێ ئینسجام بووە، هەڵوێستەکانی زادەی هەڵچوونێکی عاتیفی بووە وەك لەوەی بەرهەمی دیدێکی عەقڵانی بێت، ڕێپێوانی کردووە بێ ئامانجێکی روون، خۆپیشاندانی کردووە بێ بەرزکردنەوەی هیچ یادداشتێك بۆ لایەنی حکومەت، پرۆژەی هەبووە بێ پاشخانێکی ئەوتۆ بۆ پەرەپێدان و بەردەوامیی پێبەخشینی، دەنگی هەبووە بێ ئەوەی بزانێت رووی دەمی لەکێ بکات، ویستی هەبووە بۆ کارکردن بێ ئەوەی زەمینەی بۆ ئامادە کردبێت، هەڵچوونی پێوە دیارە و زۆر نیگەران و بێزارە بێ ئەوەی چوارچێوەیەکی هەبێت بۆ کار، تورەیە بێ ئەوەی تەرجومەی بکات بۆ هەنگاو، خەونی هەیە بێ ئەوەی هەوڵیدابێت بۆ هێنانەدیان، ئیرادەی هەیە بێ ئەوەی ڕێکخراوێك یان ئۆرگانێك هەبێت بیجوڵێنێت رووەو ئامانج و ئاواتەکانی.

ڕەنگبێ غەدر بکەین ئەگەر بڵێین هیچ جوڵانەوەو نارەزایەتییەك نەبووە لەلایەن گەنجانەوە بەڵام غەدریشە بڵێین بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ و بەردەوامان هەبووە بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی گەنج، بزوتنەوەیەك بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە بچێتە نەبەردیی جەنگی مافەکانی گەنجەوەوسەنگەری مقاوەمات لێبدات لەبەرامبەر بە نەوەی کۆن.

هەموو جوڵانەوەکان چونکە زادەی روانگەیەکی عەقڵانی و خاوەنی ڕێبەرییەکی تۆکمە و هێزێکی بێشوومار نەبوون لە لەشکری گەنجان سەرەنجام ئارەزوومەندانە یان بە تۆپزیی بووبێت ناچار بوون ئاشبەتاڵی لێبکەن بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لەژیانی گەنجدا بێتەدی کە شایەنی هێما بۆکردن بێت.

ڕەوشەکە بەجۆرێك بووە ڕەنگە ناولێنانی بە چەرخی بێدەنگی زیادەرۆیی نەبێت، چون بێدەنگی تەنێ زار بەستن نییە هێندەی ملکەچی و دەستەوەسانی دەگرێتەوە یان بەمانایەکی تر ئەو دۆخەیە کەچەند ساڵە لە کوردستاندا دەگوزەرێت، هەرلێرەوەیە ئەرکی بەردەمی پرۆژەی گەنجلاو ئەرکێکی زۆر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەورەترە لە مانگرتن و گردکردنەوەی گەنجان لەژێر چەند چادرێکدا بەڵکو ئەرکی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی گەنجانی دەکەوێتە سەرشان بۆ ئامادەکردنیان بۆ هەر جوڵەو چالاکییەك لەدژی بێ مافییەکانیان یان دژی هەر هەنگاو ودۆخێك کە گەنج بخاتە پەڕاوێزی کۆمەڵەوە.

گەنجلاو ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت بتوانێت گەنج کۆبکاتەوە، بتوانێت وزەی خەفەکراوی گەنج بخاتەوە گەڕ، بتوانێت گەنج بکاتە هێز بۆ وەدەستهێنانی ویستەکانی، بتوانێت گەنج لەدەوری ستراتیژێکی گەنجانە کۆبکاتەوە.

نوسوفیفج وتەنی: هێز بەدەست نایەت بەهێز نەبێت. ماف بەدەست نایەت بە جددی بوون و خەباتێکی عەقلانی و بەردەوام نەبێت، خەباتێك ئەگەر دڵسۆزیی و لەخۆبوردوویی پایەو مەرجێکی بێت هەبوونی پرۆژەی لۆجیکی و میکانیزمی کارکردنی عەقلانی و ڕێکخراوبوون و بەکارهێنانی کارتەکان لەکاتی خۆیدا و مامەڵەکردنێکی ورد لەگەڵ دۆخەکە پایە و مەرجەکەی تریەتی و ڕێگەی سەرکەوتن کورت و نزیك دەخاتەوە.

گەنجلاو دەنگ هەڵبڕینێکی جددییە بەڵام بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت دەبێت لە ئاست خەون و تموحاتی ئەو گەنجانەدا بێت چەند شەوە لەژێر ئەو چادرانەدا ڕۆژ دەکەنەوە پێویستە تیۆر بگۆڕێت بۆ پراکتیك، قسە بگۆڕێت بۆ هەنگاو، خەون بگۆڕێت بۆ ئیرادە، پەرش و بڵاویی بگۆڕێت بۆ ڕێکخراوبوون.

تێبینی: گەنجلاو ناوی ئەو جولانەوە گەنجانەیە ماوەی بیست ڕۆژێکە لە پارکی نالی شاری سلێمانی دەستی داوەتە مانگرتن بۆ ناچارکردنی حکومەت بە داواکارییەکانی کە خۆی لە 10 خاڵدا دەبینێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.